# الدور الحاسم للتربية الإسلامية في تعزيز التلاحم الوطني بين طلاب الصف الثاني عشر في وسط محافظة حلبجة

١. م.م. ريكوت ميرويس حسين
٢. م. م. آرام أنور خورشيد

1. Rekawt.hussin@univsul.edu.iq

2. Aram.anwar@garmian.edu.krd

١. قسم الجغرافيا، كلية التربية الإنسانية، سعيد صادق، جامعة السليمانية، إقليم كردستان، العراق
٢. قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الابتدائية، جامعة كرميان، إقليم كردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية**: الدور، المقرر الدرسى، التربية الإسلامية، الانتماء، الطالب.

**كيفية اقتباس البحث**

حسين , ريكوت ميرويس , آرام أنور خورشيد , الدور الحاسم للتربية الإسلامية في تعزيز التلاحم الوطني بين طلاب الصف الثاني عشر في وسط محافظة حلبجة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The decisive role of Islamic education in strengthening national intimacy among 12th grade students in the center of Halabja .province

1. Rikat Mirwais Hussein
2. Aram Anwar Khurshid

1. Department of Geography, College of Humanities Education, Said Sadiq, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq
2. Department of Social Sciences, College of Primary Education, Garmian University, Kurdistan Region, Iraq

**Keywords** : Role, Prescribed Curriculum, Islamic Education, Belonging, Student.

**How To Cite This Article**
Hussein ,Rikat Mirwais ,Aram Anwar Khurshid ,The decisive role of Islamic education in strengthening national intimacy among 12th grade students in the center of Halabja province.,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study aimed to identify the role of the prescribed Islamic Education textbook in strengthening national belonging among twelfth-grade high school students in the center of Halabja Governorate. The researchers employed a descriptive-analytical methodology. The study population consisted of (779) twelfth-grade students from (6) high schools in the center of Halabja. A sample of (200) students, distributed equally by gender (male and female) and academic stream (scientific and literary), was selected using a purposive random sampling method. The primary research instrument was a 45-item questionnaire adapted from Al-Shahumi's study (2020-2021), utilizing a five-point Likert scale (Strongly Agree, Agree, Neutral, Disagree, Strongly Disagree) to measure student

response levels. For data analysis, the researchers utilized One-Sample and Independent Samples T-tests via the SPSS 26 software.

The statistical results indicated that the role of the prescribed Islamic Education textbook in strengthening national belonging was at a moderate level in both the "cognitive and affective" domains, whereas the "behavioral and skill" domain recorded a notably high level. Regarding demographic variables, the results confirmed the existence of statistically significant differences in favor of "females," indicating a deeper influence of the textbook on female students compared to males. However, concerning the academic stream variable, the results showed that the textbook had a balanced and equal impact on students in both the scientific and literary streams, with no statistically significant differences observed between them. The study concluded with several recommendations, most notably emphasizing the necessity of enriching the cognitive aspects of belonging within the prescribed curricula.

**الملخص:**

هدفت هذه الدراسة إلى معرفة دور كتاب التربية الإسلامية المقرر في تعزيز الانتماء الوطني لدى طلبة الصف الثاني عشر الإعدادي في مركز محافظة حلبجة. استخدم الباحثون المنهج الوصفي التحليلي، وتكون مجتمع الدراسة من المدارس الإعدادية في مركز محافظة حلبجة، والبالغ عددها (٦) مدارس، تضم (٧٧٩) طالباً وطالبة في الصف الثاني عشر. أما عينة الدراسة فقد اشتملت على (٢٠٠) طالب وطالبة، اختيروا بأسلوب العينة العشوائية القصدية بالتساوي من حيث الجنس (ذكر، أنثى) والفرع الدراسي (علمي، أدبي). تمثلت الأداة الرئيسة للدراسة في استبانة مكونة من (٤٥) فقرة مقتبسة من دراسة (الشحومي، ٢٠٢٠-٢٠٢١)، والتي صُممت وفق مقياس ليكرت الخماسي (أوافق بشدة، أوافق، محايد، لا أوافق، لا أوافق بشدة) لقياس مستوى استجابات الطلبة. ولتحليل البيانات التي تم الحصول عليها، استخدم الباحثون اختبار (ت) لعينة واحدة واختبار (ت) لعينتين مستقلتين عبر برنامج الحزمة الإحصائية للعلوم الاجتماعية(SPSS 26) .

أظهرت النتائج الإحصائية للدراسة أن دور كتاب التربية الإسلامية المقرر في تعزيز الانتماء الوطني في الجانبين "المعرفي والوجداني" جاء بمستوى متوسط، بينما سجل الجانب "السلوكي المهاري" مستوى مرتفعاً وملحوظاً. وفيما يتعلق بالمتغيرات الديموغرافية، أكدت النتائج وجود فروق ذات دلالة إحصائية لصالح "الإناث"، مما يشير إلى التأثير الأعمق للكتاب المقرر على الطالبات مقارنة بالطلاب. أما بالنسبة لمتغير الفرع الدراسي، فقد تبين أن الكتاب المقرر كان له تأثير متوازن ومتساوٍ على طلبة الفرعين (العلمي والأدبي)، ولم تظهر أي فروق ذات دلالة إحصائية بينهم. وخلصت الدراسة إلى مجموعة من التوصيات، كان أبرزها التأكيد على ضرورة إثراء الجوانب المعرفية للانتماء ضمن المناهج الدراسية المقررة.

# ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە.

م.ی.ریکەوت میرویس حسین[1]

م.ی.ارام انور خورشید[2]

1. Rekawt.hussin@univsul.edu.iq
2. Aram.anwar@garmian.edu.krd

١.بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان سیدصادق،زانکۆی سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق

٢.بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدراوە. توێژەران میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە پێکهاتبوو کە بریتی بوو(٦) خوێندنگا و لە(٧٧٩) خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، نموونەی توێژینەوەکە لە (٢٠٠) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و مێ و بەشی زانستی و وێژەیی بە شێوەیەکی یەکسان و بە شێوازی "هەڕەمەکی ئامانجدار" هەڵبژێردران. ئامرازی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە فۆرمێکی ڕاپرسی (٤٥) بڕگەیی کە لە توێژینەوەی (الشحومی، ٢٠٢٠-٢٠٢١) وەرگیراوە، کە بە پێوەری پێنچ لیکرت ڕێکخرابوو، تێیدا پێنج پلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک دیاریکراوە، بریتین لە (بە تەواوی هاوڕام، هاوڕام، بێلایەن، هاوڕا نیم، بە تەواوی هاوڕا نیم) بۆ پێوانەکردنی ئاستی وەڵامی خوێندکاران. بۆ شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەرێگەی نموونەی توێژینەوەکەوە دەستیان کەوتوون توێژەران پەنایان بردووەتەبەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی بۆ یەک نموونە و دوو نموونەی سەربەخۆ لە بەرنامەی SPSS 26.

دەرئەنجامە ئامارییەکانی توێژینەوەکە دەریانخست کە ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لە هەردوو لایەنی "مەعریفی و ویژدانی" لە ئاستێکی مامناوەندایە، بەڵام لایەنی "ڕەفتاریی کارامەیی" ئاستێکی باڵا و بەرچاوی تۆمار کردووە. سەبارەت بە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، ئەنجامەکان جەختیان لەوە کردەوە کە جیاوازییەکی واتاداری ئاماری هەیە بە سوودی ڕەگەزی "مێ"، کە نیشانەی کاریگەریی قووڵتری بڕیارلێدراوەکەیە لەسەر خویندکارانی ڕەگەزی مێ بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر. بەڵام لە ڕووی بەشی زانستیەوە، دەرکەوت کە بڕیارلێدراوەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و وەک یەک کاریگەریی لەسەر خوێندکارانی هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی هەبووە و هیچ جیاوازییەکی واتادار لە نێوانیاندا بەدی نەکرا. توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک ڕاسپاردە کۆتایی دێت کە گرنگترینیان جەختکردنەوەیە لە دەوڵەمەندکردنی لایەنە مەعریفییەکانی ئینتیما لە ناو بڕیارلێدراوەکانی خوێندندا.

وشە کلیلەکان: ڕۆڵ، بڕیارلێدراوی خوێندن، پەروەردەی ئیسلامی، ئینتیما، خوێندکار.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### پێشەکی

لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە لەبەرچاوگرتنی کێشە و ئاڵنگارییەکانی ژیان و پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنەلۆژیا و تەکنیکە نوێیەکان، بەتایبەتی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان، پەروەردەی ئیسلامی لەناو سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا زیاتر لە ڕەهەندەکانی دیکەی پەروەردە بایەخی پەیدا کردووە. ئەم پەروەردەیە دەتوانێت زیاتر لە جاران ئارامیی ڕۆحی و دەروونی بە مرۆڤ ببەخشێت، هەروەها دەتوانێت ببێتە ئاسانکار بۆ پێشکەوتنی بەهرەکان و زەمینەخۆشکەر بێت بۆ ئاڕاستەگرتن بەرەو کەماڵ.

دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنی هەر وڵاتێک، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی هاووڵاتییانی ئەو کۆمەڵگەیە و فێرکردن و پەرەپێدانی مافە مرۆییەکاندا دەبینێت. هەرچەندە دروستبوون و گەشەی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە بە دیاریکراوی تەنها پەیوەست نییە بە پەروەردە و فێرکردنەوە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بەشێکی هەرە گەورەی گەشەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان لە ڕێگەی دامەزراوەی فەرمیی پەروەردە و فێرکردنەوە ئەنجام دەدرێت. لە ڕاستیدا، پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانەوە، یەکێکە لە گرنگترین و ئامانجدارترین بەشەکانی پەروەردەی مرۆڤ، کە دەتوانرێت کاریگەرییەکانی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە ژیانی مرۆڤەکان و لە ڕەهەندە جیاوازەکانی فکری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، هونەری و ئەخلاقییاندا ببینرێت و شیکردنەوە و توێژینەوەی بۆ بکرێت.

پەروەردەی ئیسلامی، بریتییە لە پەروەردەیەک لەسەر بنەمای چەمک و پێوەرە ئاینییەکان دامەزراوە. پەروەردەی ئیسلامی لە مانایەکدا بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەتی سروشتی و ناوەکی تاوەکو تاکەکان خۆیان بە ئەزموونی کەسی و ئیلهام وەرگرتن لە فیترەتی خۆیان، تروسکەی ئیلاهیی بەشی ئاین بدۆزنەوە.

پەروەردە و بەتایبەتی پەروەردەی ئیسلامی، یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستا کە بە دیدگایەکی نوێوە هەوڵێکی جددیی دەوێت. ئەمڕۆ شێوازەکانی فێرکردن و پەروەردەی ئیسلامی لە شێوە نەریتی و سەرەتاییەکەیەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک کە لە لایەکەوە خێزان بە شێوەیەکی نافەرمی هەڵدەستێت بە پەروەردە و فێرکردنی ئاینیی ڕۆڵەکان، و لە لایەکی دیکەوە دەزگا و دامەزراوە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن (وەک وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی)، بەرپرسیارێتیی فێرکردن و پەروەردەی ئیسلامییان لە کۆمەڵگەدا لە ئەستۆیە. دامەزراوەی پەروەردە بەپێی ئەو پەیامەی هەیەتی، بەرپرسە لە پەروەردە و فێرکردنی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە، و لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، گواستنەوە و قوڵکردنەوەی بەها ئاینی و مرۆییەکان بۆ نەوەی داهاتوو، یەکێکە لە بەڵگە نەویستترین ئەو چاوەڕوانییانەی کە دەکرێت لە دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن هەبێت.

سیستەمی فێرکاریی ئێستا دەبێت لە ڕێگەی گونجاندنی چەمک و ناوەڕۆکە ئاینییەکان بە شێوازی گونجاو و دوور لە شێوازە کۆن و نەریتی و بێکاریگەرەکان، و بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی

کارا و کاریگەر، پایە باوەڕیی و ئەخلاقییەکانی خوێندکاران لەسەر بنەمای پێکهاتەی گۆڕانی دەروونییان چەسپاو و پتەو بکات (کریمی،١٣٧٣، ٥٥).

## کێشەی توێژینەوەکە

قۆناغی ئامادەیی بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا ڕوو دەدەن، بە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی نەوەی نوێ دادەنرێت، چونکە قۆناغی پێگەیشتن و پێکهێنانی کەسایەتییە بۆ داهاتوو، هەروەها قۆناغی گواستنەوەیە لە منداڵییەوە بۆ لاوی. هەر لەم قۆناغەشدا تاک ئامادە دەکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی داهاتووی، بەتایبەتی ئەرکی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی بە شێوەیەکی دروست.

پێویستە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکان، بەتایبەتی خوێندنگا ئامادەییەکان، لە ڕێگەی پەروەردەیەکی دروستەوە پەرە بە تواناکانی نەوەی نوێ بدەن، پەروەردەیەک کە لەسەر بنەمای دڵسۆزی، بەخشین و ئەو ورە بەرزەی کە بێئومێدی ناناسێت، بنیات نرابێت، چونکە کارایی تاک دەرەنجامی سیاسەتێکی پەروەردەیی بەردەوام و تۆکمەیە. ئینتیمای نیشتمانیی بەرپرسانە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بەهاکانی کارکردن، قوربانیدان و بەرگریکردن لە خاکی وڵاتەوە هەیە، ئەم ئینتیمایەش هیچ واتایەکی نابێت ئەگەر نەچێتە چوارچێوەی کردارەوە و دروشم و گوفتارەکان بۆ واقیعی ژیان وەرنەگێڕێت. مرۆڤ لە ڕێگەی بەدەستهێنانی کارامەییەکانی ئینتیمای نیشتمانییەوە، پێداویستییەکانی تێر دەکات و دەگاتە قۆناغی بەدیهێنانی خود. ئەمەش پرۆسەیەکی کەڵەکەبووی گەشەسەندووە کە سروشتێکی دینامیکی جوڵاوی هەیە و لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوەستێت، هەربۆیە پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی بە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتیی جەوهەری و هەمیشەیی دادەنرێت (الشريف، ٢٠٠٨، ٣-٤).

سەرەڕای گرنگیی ئینتیمای نیشتمانی، کەچی هەندێک کەس ئەم بابەتە پشتگوێ دەخەن و لە ڕێگەی تێکدانی موڵک و ماڵی گشتی و شێواندنی باخچە و بینا خزمەتگوزارییەکانەوە، دەستدرێژی دەکەنە سەر مافی هاووڵاتییانی دیکە. تەنانەت ڕەنگە کار بگاتە داڵدەدانی سەرپێچیکاران، یان پێشێلکردنی ئەو یاسا و ڕێسا گشتییانەی کە بۆ خزمەتکردنی هەمووان دانراون. هێشتا توێژێک لە هاووڵاتییان بێباکن بەرانبەر بەوانی تر، هەستی ئینتیما و ئەندامێتییان بۆ کۆمەڵگە نییە و خۆیان لە بەشدارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدزنەوە.

لە سایەی ئەم واقیعەدا و هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی گۆڕانکاری لەسەر گشت ئاستەکان، تێبینیی سەرهەڵدانی زۆرێک لە دیاردە نەرێنییەکان دەکرێت، لەوانە: زیادەڕەوی ئایینی، توندوتیژیی سیاسی (تیرۆر)، و پەیدابوونی کەسانێک کە وا دەزانن ناکۆکییەک لە نێوان ناسنامەی ئایینی و ئینتیمای نیشتمانیدا هەیە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە گەنجان ئارەزووی کۆچی دەرەکی بکەن و خوازیاری بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی وڵاتانی تر بن جگە لە ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی خۆیان (أحمد، ٢٠١٤، ١٣٧-١٣٨).

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییەیان داوە کە ئایا ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە چ ئاستێکدایە؟

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی مەعریفی.

٢. زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ویژدانیدا.

٣. زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ڕەفتاری و کارامەیدا.

٤.زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

٥. زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی بەش(وێژەیی و زانستی).

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی دەربخات، ئەمەش لە ڕێگەی دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە:

أ. گرنگیی تیۆری

١. دەرخستنی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جێبەجێکردنی دروستی ئەم بڕیارلێدراوە لەسەر پەروەردەکردنی تاک.

٢. تیشکخستنە سەر قۆناغی ئامادەیی وەک قۆناغێکی هەستیار لە ژیانی خوێندکاراندا، کە تێیدا کەسایەتیی گەنج شێوە دەگرێت و پێویستی بە ئاڕاستەکردن و پاڵپشتیی مەعریفی و دەروونیی بەردەوام هەیە.

٣. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوەی زانستی سەبارەت بە چەمکی "ئینتیمای نیشتمانی" و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییە فکری و ڕۆشنبیرییانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر ناسنامەی نیشتمانیی گەنجان.

ب. گرنگیی پراکتیکی

١. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت ببێتە نەخشەڕێگایەک بۆ ئەو لایەن و بەرپرسانەی کە ئەرکی دانان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندنیان لە ئەستۆدایە.

٢.پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی زانستی بۆ مامۆستایانی پەروەردەی ئیسلامی تاوەکو بتوانن لە ڕێگەی وانەکانیانەوە ڕۆڵێکی کارا ببینن لە قوڵکردنەوەی خۆشەویستیی نیشتمان و هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران.

**سنوری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەم سنوورانەدا بووە:

١. سنوری بابەت: ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لە ڕووی (مەعریفی ڕۆشنبیری، ویژدانی، ڕەفتاری کارامەیی).

٢.سنوری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی.

٣.سنوری شوێن: خوێندنگا ئامادەییەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە.

٤.سنوری ماوە: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥ / ٢٠٢٦.

**زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

١.ڕۆڵ:

-بریتییە لە شێوازێك لە ئاراستە و هەڵوێست و کردار کە تاك پێی هەڵدەستێ بە بارودۆخ و هەڵوێستەکاندا (الجواهری، ١٩٨٨، ١٥٧).

-بریتییە لە بەجێهێنانی ئەرکێك لە کات و جێگایەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت لە چارەسەری کێشەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان. (الربوص، ٢٠٠٢، ٨٤٢).

٢.بڕیارلێدراوی خوێندن:

-ئەو زانیاری و مەعریفەیە، کە لەسەر قوتابی پێویستە لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا فێریان ببێت(سمین،٢٠١٩، ٣).

-بڕیارلێدراوی خوێندن ئەو بابەتانەیە، کە قوتابی لە ساڵێکی خوێندندا وەریان دەگرێت و لە کۆتایی ساڵدا خۆی بۆ تاقیکردنەوە ئامادەدەکات(سلێمان،١٩٨٢، ٩٦).

٣.پەروەردەی ئیسلامی:

-بریتییە لە وانەوتنەوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراو، کە ئامانجی ئەوەیە تاک بگاتە کۆمەڵێک بیروباوەڕ سەبارەت بە بوونی خودا، ڕاستیی گەردوون و ژیان، و پەیوەندیی مرۆڤ بە پەروەردگارەکەی و ئەو مرۆڤانەی دیکە کە لە کۆمەڵگەدا لەگەڵیان دەژی، و بگرە لەگەڵ سەرجەم تاکەکانی مرۆڤایەتیدا (مشایخی راد، ١٣٨٠، ٣٧).

-بریتییە لە پرۆسەیەکی کارلێککارانە لە نێوان پەروەردەکار (مامۆستا) و پەروەردەکراو (قوتابی)، کە ئەم پرۆسەیە بەدوای زەمینەسازییەوەیە بۆ پێکهاتن و باڵابوونی فیترەتی مرۆڤ و شێوەگرتنی ناسنامەی پەروەردەکراوان لەسەر بنەمای سیستەمی پێوەری ئیسلامی، هەروەها ڕێنماییکردنیان بە ئاڕاستەی نزیکبوونەوە لە خودا و بەدەستهێنانی شایستەییە پێویستەکان لە هەموو ڕەهەند و پلەکانی "ژیانی پاک" ی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا (معافی،١٣٩٢، ١٦).

٤.ئینتیما:

-ئەو هەستەی کە لە ڕێگەی کارلێک و بەشداریکردن لەگەڵ هاوڕێ و دەوروبەردا لای تاک دروست دەبێت، و وایان لێ دەکات هەست بە گرنگیی ئەو بکەن بۆ خۆیان، و گرنگیی ئەوان بۆ ئەو، هەروەها یەک دەگرێت لەگەڵیان و کاریگەریی لەسەریان دەبێت و کاریگەرییان لێ وەردەگرێت، و هەست بە شانازی و سەرفرازبوون دەکات (احمد،٢٠١٥، ٧٥).

-پێویستییەکی مرۆیی دەروونییە بۆ گروپێک کە تێربوونی پێویستییەکانی وەک خۆشەویستی، ئاسایشی دەروونی، قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی، گوێگرتن لە بۆچوونەکانی و پێدانی دەرفەت بۆ دەربڕینی خود بەدی بهێنێت، هەروەها بەشداری کردن لە چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، کەمکردنەوەی فشارەکانی ژیانی ڕۆژانە و یارمەتیدانی لە دابینکردنی هۆکارەکانی ژیان و دەستکەوت و گەشەسەندن. ئەمەش وا دەکات تاک لەگەڵ گروپەکەدا یەکبگرێت و هەموو هەوڵێکی خۆی بدات بۆ پابەندبوون بە پێوەر و یاساکانییەوە، و هەست بە ئارامی دەروونی لە نێویاندا بکات. هەروەها لە کاتی جیابوونەوە لە گروپەکە، هەڕەشەی نامۆبوونی دەروونی لەسەر دەبێت، و هەست بە شانازی دەکات هەر کاتێک گروپەکە سەرکەوتوو و ئارام و سەقامگیر بێت (خريبة،٢٠١١، ٦٥٦).

٥.خوێندکار:

-وشەی خوێندکار کە لەقەدی (خوێندن) و وشەی کار پێک هاتووە مانای پیشەوکاری ئەو کەسە دەردەخات کە خوێندن وفێربوونە (بەکرەجۆیی،٢٠٢١،١٥٢).

-وشەی خوێندکار بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە بەردەوام لە جوڵەدایە و تەنانەت خوێنیشی لە کارکردندایە(علی جاف،٢٠١١، ٩).

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر

### چەمکی پەروەردەیی ئیسلامی

پەروەردەی ئیسلامی پرۆسەیەکی دوولایەنەیە لە نێوان پەروەردەکار و پەروەردەکراو، کە تێیدا پەروەردەکار بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵە بیروباوەڕ و یاسا و ڕێسا ئاینییەکان، هەوڵ دەدات دۆخێک برەخسێنێت کە پەروەردەکراو ئازادانە لە ئاڕاستەی گەشە و پشکەوتنی بەهرەکانی خۆیدا هەنگاو بنێت و بەرەو ئامانجە خوازراوەکان ڕێنمایی بکرێت (ماهروزاده،١٣٨٠، ١٧).

پەروەردەی ئیسلامی واتە ناسینی ئامۆژگارییەکانی ئاین، گۆڕینی ئەم ناسینانە بۆ باوەڕی دڵ و بەکارهێنانی ئەم باوەڕانە لە ڕەفتارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. لە ئەنجامدا، تاکەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی ئاینیدا، بە جۆرێک پەروەردە دەکرێن کە لە مەیل و ئارەزووەکانیان سەبارەت بە ژیان، کردەوەکان و بڕیارەکانیان و لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو کاروبارەکاندا، هەمیشە هەست بە باڵادەستیی بەها ئیلاهییەکان بکەن. لە سیستەمێکی وەهادا، سەرباری دروستکردنی ڕێکخستنی زەینی، خوێندکاران بە جۆرێک پەروەردە دەبن کە زانست تەنها بۆ تێرکردنی مەراقە فکرییەکان یان بەرژەوەندییە دنیاییەکان بەدەست ناهێنن، بەڵکو بە کەسانی مەنتقی و لەخواترس بار دێن و ڕەخساندنی هۆکارەکانی خۆشگوزەرانیی ماددی،

مەعنەوی و ئەخلاقی بۆ خێزان، نەتەوە، خود و ئەوانی دیکە دەکەنە ئامانجی خۆیان. لەم جۆرە پەروەردەیەدا، ئامانج تەنها بەدەستهێنانی مەعریفە نییە، بەڵکو گەشە و پێشکەوتنی هاوسەنگی هەموو ڕەهەندەکانی بوونی مرۆڤ جێگەی بایەخە.

**تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی ئیسلامی**

ئیسلام لە بواری پەروەردەدا خاوەن سیمایەکی ناوازەیە و بەپێچەوانەی سیستەمە باوەکانی پەروەردە، خاوەن ژێرخانێکی مەعنەوی و جیهانبینییەکی خودایە. پەروەردەی ئایینی و ئیسلامی، زەمینە بۆ ڕێنوێنیکردن، داینامیکییەک و گەشەکردنی ژیریی مرۆڤ دەڕەخسێنێت و هاوکات بایەخ بە پەروەردەکردنی جەستە و عەقڵ دەدات. دەکرێت نایابیی پەروەردەی ئایینی لە ئیسلامدا لە شەش تایبەتمەندیی سەرەکیدا چڕ بکرێتەوە:

١ .خوداییبوون: سەرچاوەی پەروەردەی ئیسلامی، وەحی و فێرکارییە خوداییەکانە. قورئانی پیرۆز پەرتووکی پەروەردە و ڕێنوێنیکردنە، هیچ گومانێکی تێدا نییە کە هیچ پەرتووکێک ناگاتە ئاستی قورئانی پیرۆز، هەر بۆیە پەروەردەی ئیسلامی پەروەردەیەکی خودایییە. قورئان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەروەردە و پاکژکردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ڕەهەندێکی خودایی هەیە و سەرچاوەکەی وەحییە. مرۆڤی خوداناس، لە هەموو بارودۆخێکدا خودا بە چاودێر و ئامادە دەبینێت، بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێگای ڕاست لانەدات. مرۆڤی خوداناس بەردەوام هەست دەکات لەژێر چاودێری خودادایە.

٢ .پاکژکردنەوە و ڕاهێنان: ئیسلام هەر تاکێک بە بەرپرسیار لە بەرامبەر کار و ڕەفتارەکانی خۆی دەزانێت و لەسەر ئەم بنەمایە، فەرمانی توند بە خۆبنیادنان دەدات. کەس ناتوانێت بەرپرسیارێتیی کار و ڕەفتارەکانی بخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە. ئیسلام داوا دەکات هەر کەسێک پێش ئەوەی ڕێنوێنیی کەسانی دیکە بکات، دەبێت خەریکی پاکژکردنەوە و چاکسازیی خۆی بێت و وتە و کرداری وەکو یەک بێت(حیدری تفرشی و همکاران،١٣٨٧، ١٢١).

٣ .گشتگیری و هەمەلایەنەیی: قوتابخانە جیاوازەکانی پەروەردەی مرۆیی، هەرکامیان سەرنجیان خستووەتە سەر ڕەهەندێکی بوونی مرۆڤ و لە ڕەهەندەکانی دیکە غافڵ بوون. لە قوتابخانەیەکی فەلسەفیدا کە ئەگەر بێت و باسی بەهاکانیش بکات، تەنها چەند بنەما و تیۆرییەک سەبارەت بە ڕاستییەکانی جیهان و مرۆڤ دەخاتە ڕوو. هەرچەندە ئیسلام بە واتا باوەکەی تەنها قوتابخانەیەکی فەلسەفی، یان پەرتووکێکی دەروونناسی و کۆمەڵناسی نییە، بەڵام قورئانی پیرۆز لێوانلێوە لە ئەندێشەی فەلسەفی، پەروەردەیی و کۆمەڵناسی. لە قورئانی پیرۆزدا باس لە جیهان، مرۆڤ، خودای میهرەبان و مێژووی گەلان کراوە. هەروەها باس لە فەلسەفەی مێژوو، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی شارستانییەتەکان، ڕێنوێنیی پێغەمبەران و لادانی بێباوەڕان لە ئەندێشە و کرداردا کراوە. بەرنامە پەروەردەیییەکانی ئیسلام هەموو ڕەهەندەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە و تێیدا پێداویستییەکانی جەستە و ڕۆح، و دونیا و قیامەت ڕەچاو کراون.

٤ .ڕێبەرایەتیکردن: یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی پەروەردە و فێرکردنی ئیسلامی، ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنیەتی.

٥ .عەقڵ و ژیری: یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی سیستەمی پەروەردەی ئیسلامی، جەختکردنەوەی زۆرە لەسەر توخمی عەقڵ و ژیری. لە ئیسلامدا پەروەردە و فێرکردن هاوکات هەم پەرستشە و هەم بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوە بە بەرزترین ئاستی پەرستش دانراوە. دەستەواژەکانی وەک «باشترین پەرستش بیرکردنەوەیە» یان «هیچ پەرستشێک وەک بیرکردنەوە نییە» گەواهیی ئەم ڕاستییە دەدەن. لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە، جیا لە ئەنجامەکانی بۆ مرۆڤ، خودی عەقڵیش گەشە دەکات و فراوان دەبێت. قورئانی پیرۆز لە زۆرتر لە ١٨ ئایەتدا باس لە بیرکردنەوە، ٤٩ ئایەت باس لە تێڕامان و ١٦ ئایەت باس لە خاوەن ژیرییەکان دەکات. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، فێربوون بەبێ بیرکردنەوە و تێڕامان تەواو نییە، بەڵکو بیرکردنەوە لەسەر ئەو بابەتانەی فێریان دەبین کارێکی پێویستە (مطهری، ١٣٨٥، ٢١).

٦ .پێشینەی ژیانی دوارۆژ هاوشانی دابینکردنی ژیانی دونیا: ئیسلام ژیانی دونیا وەک سەرەتایەک بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری لە جیهانی دوارۆژدا دەبینێت، لە هەمان کاتیشدا جەخت لە سوودوەرگرتنی دروست لە ژیانی دونیا دەکاتەوە. لە ئیسلامدا ئەسڵ ژیانی دوارۆژە، بەڵام وازهێنان لە دونیا و گۆشەگیری ڕەتکراوەیە، وەک چۆن خودا دەفەرموێت: «وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى»، واتە: «دوارۆژ باشتر و بەردەوامترە» (حیدری تفرشی و همکاران،١٣٨٧، ١٢٥).

**پێکهاتەکانی پەروەردەی ئیسلامی**

پێکهاتە لە زمانەوانیدا بە واتای سازە، سازێنەر و پێکهێنەر دێت، لە زاراوەشدا بە کۆمەڵێک کاروباری هاوشێوە دەوترێت کە لەژێر یەک چوارچێوەدا کۆبووبنەوە (حق‌شناس و همکاران،١٣٨٣، ٤١٢).

وا دیارە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ژیان لە سەردەمی ئێستادا، دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن نەرمتر بکرێن و ڕۆحی مەعنەویی تێدا بچێنرێن تا لەو حاڵەتە وشک و بێڕۆحەی ئێستای دەربچێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو پێکهاتە و توخمانەی پرۆگرامەکانی خوێندن کامانەن کە بتوانن جگە لە پێشکەشکردنی بابەتە زانستییەکان، لێهاتووییەکانی ژیان لە جیهانی ئاڵۆزی ئەمڕۆدا بە خوێندکاران فێر بکەن و ئارامیی ناوەکییان بۆ دروست بکەن؟ لە وەڵامدا دەکرێت پێکهاتەکانی بریارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

١ .بیرکردنەوە و تێڕامان ٢. ناسین و بەسیرەت ٣. کەرامەتی مرۆیی ٤. شکۆی دەروونی ٥. خۆشەویستی و میهرەبانی ٦. میانڕەوی ٧. سەبر و دانبەخۆداگرتن ٨. ئازادی و سەربەستی ٩. کار و کردار ١٠. خوێندکار سەنتەری و گرنگیدان بە مەیلە سروشتییەکانیان ١١. پاڵنەر ١٢. ئیرادە و بژاردە ١٣. زانایی ١٤. مەعریفەت ١٥. هەست ١٦. توانا.

بە سەرنجدان بە پێداویستییەکانی سەردەم، چۆنییەتی پێگەیاندنی نەوەی نوێ و پەروەردەکردنی هێزی مرۆیی بە توانا یەکێکە لە گرنگترین بنەما و سیاسەتە گشتییەکانی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەدا، و پێشکەوتنی وڵات لە هەموو بوارەکاندا بەمەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر بەرنامە پەروەردەییەکانی سیستەمی پەروەردە بتوانێت لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانەوە لەگەڵ پێداویستییەکانی خوێندکاران (بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەیی) بگونجێت، ئەوا هەنگاوێکی کاریگەر دەبێت بۆ ڕاکێشانی نەوەی نوێ بەرەو ئایینخوازی. بۆیە پێویستە بەرپرسان، داڕێژەرانی بەرنامە و نووسەرانی پەرتووکەکانی خوێندن، بە مەبەستی باشترکردنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەروەردەی ئایینی و دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر خوێندکاران، بایەخێکی تایبەت بەم بابەتانە بدەن.

### پێویستیی پەروەردەی ئیسلامی بۆ خوێندکاران

پەروەردەی ئیسلامیی خوێندکاران و منداڵان بابەتێکی پێویست و زەروورە و ئەم پێویستییە لانی کەم لە دوو ڕوانگەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە. پەروەردەی ئیسلامی کۆنترۆڵێکە بۆ ڕەفتار، پێوەرێکە بۆ ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و زەمینەیەکە بۆ گەشەی مەعنەویەت و ئایدیالیزم. هەروەها ئاین دەتوانێت بەهێزکەری لایەنی "سەرووی خود "یان ویژدانی ئەخلاقیی منداڵ و گەنجان بێت.

لە لایەنی کۆمەڵایەتیدا، ئاین هۆکاری موحیبەت و خۆشەویستییە و زەمینە بۆ مرۆڤدۆستی، هاوخەمی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان دەڕەخسێنێت. ئاین هۆکارێکی کۆنترۆڵکەرە بۆ تاک کە لە کۆمەڵگەدا خۆی لە شەڕەنگێزی و گەندەڵییەکان بەدوور بگرێت (قائمی،١٣٦٤، ١٠٨).

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەوەیە دەستی بە تەکیە یان خانەقایەک بگات کە لە پاڵ وەڵامدانەوەی پێداویستییە ناوەکییەکان، ئارامیی پێ ببەخشێت. ئاین و باوەڕبوون بە خودا، پێداویستییەکی مێتافیزیکی و دەروونناسییە کە هێزێکی مەزن و بێ کۆتایی بە مرۆڤ دەبەخشێت و لە قەیرانە فکرییەکان و گرژی و هەڵبەز و دابەزەکانی ژیاندا، یارمەتیدەری دەبێت و توانای ئەوەی هەیە بەرەو کەناری ڕزگاری ڕێنمایی بکات، بۆیە پەروەردەی ئیسلامی لە زەروورەتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بووە و هەیە.

پەروەردەی ئیسلامیی خوێندکاران دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بە ناسین و کۆنترۆڵکردنی هۆکارە تێکدەر و زیانبەخشەکان، بخرێتە سەر ڕێڕەوی دروست. لەبەر ئەوەی هەمووان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە قوتابخانە یەکێکە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەروەردەکردنی تاکەکان، کەواتە پەروەردەی ئیسلامیی خوێندکاران بە ئاڕاستەیەکی دروست و ڕاست دەتوانێت یەکێک لە ئەرکەکانی دامەزراوەی قوتابخانە بێت، بۆیە لەمەڕ پێویستیی پەروەردەی ئیسلامی دەبێت بگوترێت کە ئەمە ئاین و ئەخلاقە کە مرۆڤ لە تەنگانە گەورەکان ڕزگار دەکات و هێزێکی بەتوانایە لە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ لە کەوتنە ناو گەندەڵی و هەڵەکانەوە، چونکە هەژاریی ئەخلاقی و مەزهەبی لە سەختترین جۆرەکانی هەژارییە و بێبەشبوون لێی کارەساتێکی یەکجار گەورە و جێگەی نیگەرانییە.

### پێوەرەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە خوێندکارانداا

بۆ ئەوەی ڕەوتی پەروەردەی ئیسلامی بە ئاڕاستەیەکی خوازراو ئەنجام بدرێت، پێویستی بە پێوەر و نیشانەی ورد و شەفاف هەیە. بۆ ئەوەی بەرپرسانی قوتابخانەکان دڵنیا ببنەوە کە بەرنامەکانیان توانیویەتی ئامانجەکانی بواری پەروەردەی ئیسلامی بەدی بهێنێت، یەکەم دەبێت بنەما و شێوازە زانستییەکانی پلاندانان لە بواری پەروەردەی ئیسلامی ڕەچاو بکەن و دووەم، ئەو هۆکارانە بناسن کە دەستوەردان دەکەن لە دروستبوونی باوەڕەکان، بەهاکان، وێناکردن و تێڕوانینەکاندا. پێوەرەکانی پەروەردەی ئیسلامی بریتین لە:

### مەعریفە و بەسیرەت (تێگەیشتنی قووڵ)

جۆرێکە لە ئاگایی قوڵ بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و واقیعدا. بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و تێڕوانین یەکێکە لەو پێوەرانەی دەبێت جێگەی سەرنجی پەروەردەکاران بێت، چونکە هەنگاونان بۆ پەروەردەی ئیسلامی بەبێ دەستگەیشتنی پەروەردەکار بە مەعریفە و بەسیرەت سەبارەت بە ئامانج و ناوەرۆک و شێوازەکانی پەروەردەی ئیسلامی، مەحاڵە. هەروەها، کارکردنی پەروەردەکراوان بە ناوەرۆکی پەروەردەی ئیسلامی، پێویستی بە مەعریفە و بەسیرەت هەیە سەبارەت بە حوکمەکان، بیروباوەڕ، ئەخلاق و بەهاکان (کشاورز،١٣٨٧، ٦٤).

## بیرکردنەوە و بەکارهێنانی عەقڵ

عەقڵ یەکێکە لە سەرمایە مرۆییەکان و نیعمەتە ئیلاهییەکان کە پەروەردەکردنی، مرۆڤ لە ڕێڕەوی گەشە و کەماڵدا ڕێنمایی دەکات. بۆیە پەروەردەکاران و مامۆستایان دەبێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، هێزی بیرکردنەوە و ئەندێشەی خوێندکاران بەهێز بکەن و پەروەردەی بکەن.

## متمانەبەخۆبوون و ڕێزی خود

ڕێزی خود یەکێکە لە بنەما گرنگە پەروەردەییەکانی ئیسلام. دەستەبەرکردنی ڕێز و کەرامەتی خود لە ئامانجە گرنگەکانی مرۆڤە، کە مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی، ئامادەن بەرگەی هەموو جۆرە چالاکییەکی سەخت و نارەحەتیەکان بگرن تاوەکو شایستەیی خۆیان لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و زاڵبوون بەسەر خۆیان و هۆکارە دەوروبەرەکاندا بسەلمێنن. ئەگەر تاک بە ڕێزی خودەوە گەشە بکات و پەروەردە ببێت، دۆخێکی تێدا دروست دەبێت کە ڕێگری دەکات لە دۆڕان و شکست لە بەرانبەر هۆکار و ڕووداوەکاندا، بە جۆرێک کە لە هەر دۆخ و بارودۆخێکدا، پتەو و جێگیر دەبێت. کەسێک کە خاوەنی ڕێزی خود، متمانەبەخۆبوون و پشت بەستوو بە خۆیەتی، باوەڕی بە بەها، توانایی، لێهاتوویی و سەرکەوتنی خۆی هەیە و دەتوانێت لە ئاڕاستەی گۆڕانکارییە ئەرێنییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا هەنگاو بنێت (حاج حسینی،١٣٨٨، ٧٢).

## کەرامەتی مرۆیی

لە دیدگای ئیسلامەوە مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر کەرامەتە: یەکێکیان کەرامەتی دەستکەوتوو کە پلە و پێگە و شوێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی و خێزانیی تاکەکان دەگرێتەوە، و ئەوی دیکە کەرامەتی زاتییە کە پەیوەستە بە خودی زاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤبوون کە نە بەدەست دەهێنرێت و نە لێی دەسەنرێتەوە و پلە و ڕیزبەندی نییە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەبێت هەردوو لایەنی کەرامەت جێگەی بایەخ بێت (رحیمی نژاد،١٣٩٠، ٤٥).

## خۆشەویستی و میهرەبانی

یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارەکان لە بڵاوکردنەوەی بەها ئەخلاقییەکان و سەرکەوتن لە پەروەردەی ئیسلامی و کۆمەڵایەتیدا، خۆشەویستی و میهرەبانییە، چونکە دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و هاودڵی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە. خۆشەویستی و میهرەبانی، خۆپەرستی لە تاکەکان وەردەگرێتەوە و دەبێتە هۆی بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر. خۆشەویستی بە

دروستکردنی ڕێز و هاودڵی، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی فەزیلەتە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا و ڕێگری لە دەرکەوتنی سیفەتە خراپەکان دەکات (سیدپور آذر،١٣٩٣، ١٣).

**میانڕەوی**

میانڕەوی لە بەرانبەر ئیسراف (زیادەڕەوی) و تەفریت (کەمڕەوی)دایە. ئیسراف واتە زیادەڕەویکردن لە شتێکدا و تەفریت واتە بە کەم سەیرکردن و کەمکردنەوەی شتێک. هەریەک لەم دووانە دەبێتە هۆی تێکچوون لە مانەوە، بەردەوامی و سەلامەتیی کارەکان.

**ئارامگرتن و پشوودرێژی**

یەکێک لە گرنگترین و فراوانترین چەمکەکان کە ئیسلام بۆ دەربڕینی بەها و فەزیلەتە ئەخلاقییەکان جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئارمگرتنە. ناوەڕۆکی سەرەکیی چەمکی ئارامگرتن، خۆڕاگرییە لە بەرانبەر سەختی و تەنگانەکاندا و لە قورئانی پیرۆزدا پەیوەندییەکی قوڵی بە چەمکە ئاینییەکانی وەک باوەڕ، تەقوا و فەزیلەتە ئەخلاقییەکانی وەک چاکەکارییەوە هەیە.

**ئازادی و سەربەستی**

ئازادی لەو چەمکانەیە کە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، نەبوونی ڕێگرە لە بەردەم ئیرادەی عەقڵانی و شەرعیی مرۆڤدا. ئیسلام بەهایەکی زۆری داوە بە ئازادی. بەپێی دیدگای ئیسلام هەموو مرۆڤەکان سەربەست و ئازادن و بەندەی هیچ کەسێک نین. پەروەردەکاران و مامۆستایان دەبێت ئەم بنەمایانە لە پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی فێرخوازاندا ڕەچاو بکەن.

**کردار**

ئامانجی کۆتاییی پەروەردەی ئیسلامی، بابەتی پراکتیک و پابەندیی کردەییی پەروەردەکراوانە بە ڕێنماییە ئاینییەکانەوە. لە لایەکەوە دەبێت پەروەردەکار خۆی پابەندیی کردەییی بە حوکم و بەها ئاینییەکانەوە هەبێت، چونکە ئەگەر پەروەردەکار خۆی بە کردەوە پابەندی ئەوە نەبێت کە دەیڵێت، زەمینەی بێبایەخبوونی وتەکانی لای فێرخوازان دروست دەکات و پشتیوانی کردەیی نابێت، و لە لایەکی دیکەوە پەروەردەکار دەبێت دوای پێشکەشکردنی مەعریفە و تێڕوانینی دروست، زەمینەکانی پابەندیی ناوەکی و کردەیی لە پەروەردەکراواندا بڕەخسێنێت (کشاورز،١٣٨٧، ٨١).

**ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن لە پەروەردەی ئیسلامیدا**

بەهێزکردنی بنەما مەزهەبی و ئەخلاقییەکان، پەروەردەی جەستە و دەروون، فێرکردن و کارامەیییە زانستی، هونەری و تەکنیکییەکان، بیرکردنەوەی دروست و مەنتیقی، ئاشنابوون بە بنەما نەتەوەیی و میراتە مێژووییەکان و ئامادەکردنی گەنجان بۆ وەرگرتنی پیشە، لە ئامانجەکانی سیستەمە فێرکارییەکانی جیهانن (فرجاد،١٣٧٦، ١٣).

لە سیستەمی فێرکاریی پەروەردە و فێرکردن یان هەر جۆرە هەنگاوێکی بنیاتنەری کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی خوازراو کە کارلێک و پەیوەندییەکانی لە ئاستێکی باشدا ئەنجام بدرێت

و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی ستاندارد تێیدا پێناسە کرابێت، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدار کە تاکەکان تێیدا خاوەنی ڕەفتاری تەندروستن و کواڵێتیی ژیانێکی باشیان هەیە، بەم شێوەیە دەکرێت کۆمەڵگەیەک بەم تایبەتمەندییانەوە بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست ناوزەد بکرێت. هۆکارگەلی فرەچەشن وەک گەشەی زانست و تەکنەلۆژیا، گەشەی سیستەمی پەروەردەیی، پەروەردەکردنی بیروباوەڕی ئاینیی دروست، دەستەبەرکردنی نەزم و ئاسایشی کۆمەڵگە، گرنگیدان بە مافی تاکەکان، دامەزراوە ئامانجدارەکانی کۆمەڵگە، بە جۆرێک دەکرێت بگوترێت کە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، سیستەمی چاکسازی و پەروەردەیی یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و بە پەروەردەکردنی دەکرێت تایبەتمەندییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی تەندروست بەدی بهێنرێت.

بنیاتنانی کۆمەڵگەی تەندروست ئامانجێکی کۆمەڵایەتییە کە دەبێت تاکەکان و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە پەیڕەویکردن لە بەرنامە کۆمەڵایەتییە دروستەکان جێبەجێی بکەن، و بێگومان ئەم ئامانجە بە سەرنجدان لە گرنگی کۆمەڵگە و ڕەهەندە جیاوازەکانی، پێویستی بە بەرنامەی پسپۆڕانە هەیە، هەنگاوگەلی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی گونجاو تاوەکو کۆمەڵگەیەک بە تایبەتمەندی و پێکهاتەی سیستەمێکی ستاندارد دروست ببێت و ژینگەیەکی ئایدیال بێت بۆ ژیانی تاکەکان (صابری، ١٣٩٦، ٧).

لە سیستەمی ئیسلامیدا، ئەو دامەزراوانەی پەیوەندییان بە پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە، بەپێی بازنەی کار و کاریگەرییان بەرپرسیارێتیی زیاتریان لە ئەستۆیە. دوای خێزان، دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەرپرس و ئەرکدارن لەم بابەتەدا. لەم نێوەندەدا "وەزارەتی پەروەردە" ئەرکێکی تایبەتی هەیە و دەبێت ببێتە بنەمای کۆمەڵە پرۆگرامەکانی خوێندن و چالاکییە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان. سەرباری ئەوەی کە ڕێبازی گشتیی فێرکاری لە پەروەردەدا دەبێت ڕێبازێکی پەروەردەی ئیسلامی بێت، وانەی پەروەردە و فێرکردن ئەرکیەتی کە ئامۆژگارییە ئاینییەکان فێری خوێندکاران بکات و ئەوان بگەیەنێتە بەسیرەتێکی تەواو لەم بوارەدا.

گواستنەوەی بەها بنەڕەتی و ئیلاهییەکانی کۆمەڵگە لە چەقی سەرنجی سیستەمی فێرکاریدایە، بە جۆرێک کە قوتابخانە خوێندکاران پابەند دەکات بەهاکانی کۆمەڵگە لە ناخدا جێگیر بکەن. منداڵ دەبێت بە باشی لەژێر سەرپەرشتی و پەروەردەی پەروەردەکاراندا بێت تاوەکو بەهرەکانی بپشکوێن و پەروەردەکەی تەواو ببێت و بگاتە قۆناغە باڵاکانی مرۆڤایەتی. پەروەردەی ئیسلامی و مەزهەبی لە گرنگترین و بنەڕەتترین لایەنەکانی پەروەردە و فێرکردنە کە لە دامەزراوەی خێزانەوە دەست پێ دەکات و لە قوتابخانەکان و دامەزراوە فێرکارییەکانی دیکەدا درێژەی دەبێت، یەکێک لە باوترین شێوازەکانی فێرکردن و پەروەردەی بیروباوەڕی مەزهەبی، دەربڕینیانە لەسەر زمانی مامۆستایان و پەروەردەکاران، چونکە منداڵ لەگەڵ مامۆستا یان پەروەردەکار، باشتر و ئاسانتر پەیوەندی دەبەستێت و کاریگەریی ڕۆڵی ئەم کەسانە لەسەر ڕۆحیەت و زەینی مرۆڤ حاشاهەڵنەگرە.

کاتێک پەروەردە و فێرکردن وانەی مەعریفیی ئیسلامیمان پێ دەدات و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ڕەگی بیروباوەڕەکانمان، دەبێتە هۆی گۆڕینی تێڕوانینمان بۆ ژیان و هەوڵ دەدات تێڕوانینێکی دروست بونیادبنێت، و ئەم تێڕوانینە دروستە خۆی دەبێتە هۆی پتەوبوون لە ژیاندا. جیهانبینیی ئیلاهی نەک تەنها وێنەیەکی جوان و ورد لە ژیانی دنیایی پێشکەشی خوداپەرستان

دەکات، بەڵکو لە هاوەڵێتی و نزیکبوونەوە لەو کەسانەش ئاگاداریان دەکاتەوە کە لەژێر ئاڵای جیهانبینیی ماددیدان، کەواتە بە سوودوەرگرتن لە ئامۆژگارییە قورئانییەکان و ئەو وانانەی لە پەروەردە و فێرکردن وەریدەگرین، دەتوانین تێڕوانینێکی دروستمان بۆ ژیان هەبێت و هەوڵی بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە بدەین.

### چەمک و پێناسەی ئینتیما

ئینتیمای نیشتیمانی یەکێکە لە بنەڕەتییترین هەستە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ کە بەستەرێکی قووڵ لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا دروست دەکات. ئەم چەمکە بەو هەستە دەگەیەنێت کە تاکەکان هەیانە بەرامبەر بە نەتەوە یان نیشتیمانەکەیان، کە لە ڕێگەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردن و فێربوونی کلتورییەوە بەدەستدێت. لە دیدی جیاوازی زانستەکانەوە، ئینتیمای نیشتیمانی وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی هاوبەشی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت (Anderson, 2006, pp. 5-7).

لە چوارچێوەی سایکۆلۆژیا کۆمەڵایەتیدا، ئینتیمای نەتەوەیی بەشێکە لە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاک کە لە هەستی خۆناسین و شوێنی خۆی لە جیهاندا پێکدێت. ئەم هەستە لە سەرەتاکانی منداڵیەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبێت، هەرچەندە قووڵایی و جۆرەکەی دەکرێت بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گۆڕانکاری بکات. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئینتیمای نیشتیمانی جیاوازە لە شۆڤینیزم، چونکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزترە و لەخۆدەگرێت هەستی هاوبەشی، بەرپرسیارێتی و دڵسۆزی بەرامبەر بە هاووڵاتییان( Smith, 1991, 14-16).

### فاکتەرەکانی شێوەپێدانی ئینتیمای نیشتیمانی

چەندین فاکتەری سەرەکی لە شێوەپێدانی ئینتیمای نیشتیمانیدا ڕۆڵیان هەیە کە دەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت: فاکتەرە کلتوورییەکان وەک زمان، ئاین، نەریت و مێژوو؛ فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان وەک خێزان، قوتابخانە و میدیا، و فاکتەرە سیاسییەکان وەک سیستمی حکومڕانی و سیاسەتە نەتەوەییەکان زمان بە تایبەتی وەک هۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت، چونکە ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەی کلتوور و بیرکردنەوەی نەتەوەییە. (Gellner, E. (2006) 35-38.

مێژووی هاوبەش یەکێکی ترە لە توخمە بەهێزەکانی ئینتیمای نیشتیمانی، کە لە ڕێگەی گێڕانەوە و بیرخستنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، هەست بە بەردەوامی و پەیوەندی لە نێوان نەوەکاندا دروست دەکات. ئەم مێژووە هاوبەشە زۆرجار سەرکەوتن و شکستەکان لەخۆدەگرێت ، قارەمانان و سیمبولە نەتەوەییەکان کە هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی بیرۆکەیەکی هاوبەش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی. سیستمی پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی ئەم بەهاو بیرۆکانە بۆ نەوەی داهاتوو( Hobsbawm & Ranger, 1983, 263-265).

### ڕەهەندەکانی ئینتیمای نیشتمانی

گرنگترین ڕەهەندەکانی ئینتیمای نیشتیمانی بریتین لە:

١.ناسنامە: یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئینتیما و بەڵگەی بوونی مرۆڤە.

٢.بەکۆمەڵبوون: بریتییە لەو پەیوەندییە ئینتیماییانەی کە جەخت لەسەر مەیلی تاک بۆ ناو کۆمەڵگە دەکەنەوە، ئەمەش لەڕێگەی یەکخستنی ئامانجی تاکەکان لەگەڵ ئامانجی گشتی ئەو گروپەی تێیدا دەژین دەردەکەوێت. بەکۆمەڵبوون جەخت لەسەر هاوکاری، پشتگیریکردنی یەکدی، یەکگرتوویی و ئارەزوویەکی دەروونی بۆ هەستکردن بە یەکبوون دەکاتەوە، هەروەها مەیلی خۆشەویستی و کارلێککردن بەهێز دەکات، کە هەموو ئەمانە لە ڕێگەی کارلێکی دوولایەنەوە دەبنە هۆی بەهێزبوونی هەستی ئینتیما.

٣.سۆز و وەفاداری: جەوهەری پابەندبوونە، پاڵپشتی ناسنامەی خود دەکات و گیانی بەکۆمەڵبوون بەهێز دەکات. هەروەها جەخت لەسەر هاوڕایی و گونجان دەکاتەوە و هانی تاک دەدات بۆ پشتیوانیکردنی گروپەکەی، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی ئینتیمای تاک بۆ ئەو گروپە.

٤.پابەندبوون: بریتییە لە دەستگرتن بە سیستەم و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٥.دیموکراسی: هەستکردنی تاکە بە پێویستیی لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە، هەروەها ئارەزووی بۆ هەبوونی دەرفەتی ڕەخنەگرتن لەگەڵ هەبوونی توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی ئەوانی دیکە بە سنگێکی فراوانەوە جگە لەوەش، بڕوابوون بەوەی کە هەڵبژاردن تاکە ڕێگەیە بۆ دەستنیشانکردنی سەرکردەکان، لەگەڵ پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە سیستەم و یاساکان.

٦.قوربانیدان لە پێناو نیشتماندا(العلی،٢٠٢٢، ٤٣).

**کاریگەرییەکانی ئینتیمای نیشتیمانی لەسەر ڕەفتاری تاک لەسەردەمی جیهانگیری دا**

لە سەردەمی ئێستادا، ئینتیمای نیشتیمانی ڕووبەڕووی چالاکییە نوێیەکانەوە بووەتەوە کە لە ، کۆچ و تەکنەلۆجیای پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرن. پرۆسەی جیهانگیری کاریگەری دوولایەنەی هەبووە، زیادکردنی خواستی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوریەوە. (Castells, 2010, 68-71).

تەکنەلۆجیای پەیوەندی و ئینتەرنێت ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شێوەپێدانی شێوازە نوێیەکانی دەربڕینی ئینتیمای نیشتیمانی. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە جێگایەکی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و سیمبولە نەتەوەییەکان، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای ئۆنلاین لەسەر بنەمای هاوبەشی نەتەوەیی. لەهەمان کاتدا، ئەم تەکنەلۆجیایانە هەلی زیاتریان دابینکردووە بۆ تێکەڵبوونی کلتووری و دروستبوونی ناسنامەی فرەچەشن کە لە چەند کلتوورێک پێکدێت. ئەمەش وایکردووە کە چەمکی ئینتیمای نیشتیمانی پێویستە بە شێوەیەکی نوێتر تێبگەین کە هاوتایە لەگەڵ واقیعی هاوچەرخدا( Appadurai,1996, 27-30).

ئینتیمای نیشتیمانی کاریگەری قووڵی هەیە لەسەر ڕەفتار و بڕیارەکانی تاکەکان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. لە ڕووی دەروونییەوە، ئەم هەستە دەتوانێت بەشێک بێت لە پاڵنەری

تاكەکان بۆ بەژداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، یان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان دژی نەتەوەکەیان. تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ئینتیمای نیشتیمانی وەک هۆکارێک دەبینرێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی هاوکاری و یارمەتیدانی نێوان ئەندامانی هەمان نەتەوە. (Tajfel & Turner,1979, 33-47 ).

لە لایەکی ترەوە، ئینتیمای نیشتیمانی دەتوانێت هۆکاری دروستبوونی هەستی "ئێمە" و "ئەوان" بێت، کە لە هەندێک حاڵەتدا دەبێتە هۆی پێشتەنگی و دوورخستنەوەی دیکە. لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی ئینتیمای نیشتیمانی بەهێزیان هەیە، زیاتر ئامادەن قوربانی بدەن بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان، بەڵام هەروەها ئەگەری زیاترە لە هەستی نەیارانە بەرامبەر بە ئەوانەی بە دەرەکی دادەنرێن. ئەمەش پرسیارە گرنگەکان سەبارەت بە هاوسەنگی نێوان ئینتیمای نیشتیمانی و ڕێزگرتن لە جیاوازی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئاڕاستە دەکات (Bar-Tal & Staub, 1997, 43-46)

**ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی**

بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی پێویستی بە ستراتیژییەتییەکی فرەلایەنەیە کە تێیدا پەروەردە، میدیا، هونەر و سیاسەتە گشتییەکان ڕۆڵ دەبینن. سیستمی پەروەردە دەتوانێت بە گوزارشتکردنی مێژوو و کلتووری نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕاست و فراوان، بەبێ لایەنگری، بنەمایەکی تۆکمە بۆ ئینتیمای نیشتیمانی دابنێت. گرنگە کە ئەم پەروەردەیە بریتی بێت لە فێرکردنی بەهاکانی هاوکاری، ڕێزگرتن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی(Nussbaum, 1996, 3-6.).

١. گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن: قوتابخانەکان تەنها شوێنی فێربوونی زانیاری نین، بەڵکو دەبێت وەک ژینگەیەک بن بۆ گەشەپێدانی "هۆشیاریی نیشتمانی". پێویستە لە پرۆگرامەکاندا جەخت لەسەر مێژووی هاوبەش، بەها کلتوورییەکان و دەستکەوتە شارستانییەکان بکرێتەوە تاوەکو قوتابی لە تەمەنێکی بچووکەوە هەست بە پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ خاکی نیشتمان بکات.

٢. چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی هاوڵاتیبوون: هەستی ئینتیما کاتێک لە دەروونی تاکدا ڕەگ دادەکوتێت کە هەست بکات لە نیشتمانەکەیدا خاوەن کەرامەت و مافی یەکسانە. دابینکردنی هەلی کار، دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی گشتی و سەروەریی یاسا، بنەمای هەرە سەرەکین بۆ ئەوەی تاک نیشتمان وەک پەناگەیەکی پارێزراو بۆ ئێستا و داهاتووی خۆی ببینێت.

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن: دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییان لەسەرشانە بۆ یەکخستنی پێکهاتە جیاوازەکان و دوورکەوتنەوە لەو گوتارانەی دەبنە هۆی لێکترازان. میدیا دەتوانێت لە ڕێگەی نیشاندانی نموونە سەرکەوتووەکانی وڵات لە بوارە جیاوازەکاندا، هەستی شانازی و سەرکەوتن لای گەنجان بەهێز.

٤. پاراستن و بوژانەوەی میراتی کلتووری و مێژوویی: ناسنامەی هەر نەتەوەیەک لە مێژووەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە. ناساندنی شوێنەوارە مێژووییەکان، گەورە ڕاگرتنی سیمبولە نەتەوەیی و

ئایینییەکان و زیندووکردنەوەی نەریتە ڕەسەنەکان، دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە "ئینتیمای نیشتیمانی" کە تاکەکان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە (خدایار و فتحی، ١٣٨٧، ٥٠-٥١).

٥. بەشدارییپێکردنی گەنجان لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی: کاتێک گەنجان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنرێت تا لە کایەی بڕیاردانی نیشتمانیدا بەشدار بن، هەستی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بە پاراستنی وڵات دەگاتە لوتکە. ئەم بەشدارییپێکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ئینتیما لە هەستێکی دەروونییەوە بگۆڕێت بۆ ڕەفتارێکی هاوڵاتیانەی کاریگەر و ئەرێنی (ابراهیمی، ٢٠٢٣).

## توێژینەوەکانی پیشووتر

١.توێژینەوەی(الخطیب،٢٠٢٤) بەناونیشانی (ڕۆڵی پرۆگرامەکانی ناوپۆل و دەرەوەی پۆل لە بەهێزکردنی بەهاکانی ئینتیمای نیشتمانی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە). ئەم توێژینەوەیە ئامانجی تیشکخستنە سەر ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن و چالاکییە دەرەکییەکان بووە لە چەسپاندنی بەها نیشتمانییەکان. توێژەر میتۆدی (ئیستیدلالی و تێرامان)ی بەکارهێناوە. گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوون لەوەی کە پرۆگرامە ناوپۆل و دەرەی پۆل ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەیە لە گۆڕینی چەمکە تەقلیدییەکانی ئینتیما بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری نیشتمانی. توێژینەوەکە دەریخستووە کە زیاتر لە (٥٠) بەهای جیاواز هەن کە پەیوەستن بە ئینتمای نیشتمانی و دەکرێت لە ڕێگەی چالاکییە سیاسی، کولتووری و ئاینییەکانەوە لە ناخی خوێندکاراندا بچێنرێن. هەروەها توێژینەوەکە جەختی لەسەر پێویستی داڕشتنەوەی کاراکتەری نیشتمانی خوێندکار و بەهێزکردنی کارامەییەکانی پەیوەندیکردن و لێبوردەیی کردووەتەوە وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٢. توێژینەوەی(الشحومی،٢٠٢٠) بەناونیشانی (ڕۆڵی پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە ڕوانگەی خۆیانەوە). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە ڕوانگەی خۆیانەوە. توێژەر میتۆدی "وەسفی" بەکارهێنراوە و پشت بە فۆرمی ڕاپرسی بەستراوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. نموونەی توێژینەوەکە لە (٤٢٧) قوتابی نێر و مێی قۆناغی ئامادەیی پێکهاتبوو کە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ناوچەی پەروەردەیی دابەش کرابوون. ئەنجامەکان دەریانخست کە ڕۆڵی پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە هەردوو لایەنی "مەعریفی و کولتووری" و لایەنی "ویژدانی" لە ئاستێکی (بەرز)دا بووە، بەڵام ڕۆڵی پرۆگرامەکە لە لایەنی "کارامەیی و ڕەفتاری" لە ئاستێکی (مامناوەند)دا بووە. هەروەها دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەدا نییە کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز یان ناوچەی پەروەردەیی.

٣.توێژینەوەی(الشهرانی،٢٠١٩) بەناونیشانی (ڕادەی لەخۆگرتنی چەمکەکانی ئینتیمای نیشتمانی لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە شانشینی عەرەبستانی سعوودی بۆ ساڵی خوێندنی ١٤٣٨/١٤٣٩ک ). ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی زانین ڕادەی لەخۆگرتنی چەمکەکانی ئینتیمای نیشتمانی لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە شانشینی عەرەبستانی

سعوودی. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە و شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی دەقەکان بەکار هێناوە. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە تەواوی کتێبەکانی بڕیارلێدراوی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان و نیشتمانی بۆ پۆلەکانی (حەوتەم، هەشتەم، و نۆیەمی بنەڕەتی). ئەنجامەکان دەریانخست کە چەمکەکانی ئینتیمای نیشتمانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکاندا جێگیر کراون، بە جۆرێک پڕۆگرامی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (٤٠٦) چەمک، پڕۆگرامی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (١٩٨) چەمک، و پڕۆگرامی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی (٣٢٨) چەمکی ئینتیمای نیشتمانییان لەخۆگرتبوو.

## تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر

لەسەر بنەمای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، دەردەکەوێت کە توێژینەوەی ئێستا لە چەندین لایەنی سەرەکیدا لەگەڵیان هاوتایە و لە چەندین ڕەهەندی دیکەشدا جیاواز و تایبەتمەندە. لە ڕووی ئامانج و ناوەڕۆکەوە، توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەی (الشحومی،٢٠٢٠) یەک دەگرێتەوە لەوەی کە هەردووکیان جەختیان لەسەر "ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی" کردووەتەوە وەک فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەهێزکردنی ئینتیما. هەروەها لەگەڵ توێژینەوەی (الخطيب،٢٠٢٤) هاوڕایە لەوەی کە ئینتیما تەنها چەمکێکی تیۆری نییە، بەڵکو دەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر "ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری نیشتمانی". لە ڕووی (میتۆدۆلۆژیاوە)، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (الشحومي) و (الشهراني) هاوتایە لە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری، بەڵام لە ڕووی ئامرازەوە جیاوازە لە توێژینەوەی (الشهراني،٢٠١٩)، چونکە توێژینەوەی ناوبراو پشتی بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە بۆ ژماردنی چەمکەکان، لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە بۆ زانینی ئاستی کاریگەرییەکە لای خوێندکاران.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە بەراوردکردنی ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا توێژینەوەی (الشحومی، ٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە لایەنی "مەعریفی و ویژدانی" لە ئاستێکی بەرزدایە و لایەنی "ڕەفتاری" لە ئاستێکی مامناوەندایە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا ئەنجامێکی پێچەوانەی بەدەست هێناوە، بەوەی لایەنی "ڕەفتاری و کارامەیی" لای خوێندکاران هەڵەبجە لە ئاستێکی باڵادایە، بەڵام لایەنی مەعریفی و ویژدانی مامناوەندە. ئەم جیاوازییە دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ژینگەیی و کولتووریی شاری هەڵەبجە کە تێیدا ئینتیمای نیشتمانی زیاتر لە ڕەفتار و کارامەییەکانی خوێندکاراندا بەرجەستە بووە. هەروەها لە ڕووی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانەوە، توێژینەوەی ئێستا جیاوازە لە توێژینەوەی (الشحومی)، چونکە توێژینەوەی ناوبراو هیچ جیاوازییەکی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نەدۆزیوەتەوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا جیاوازییەکی واتاداری بە سوودی ڕەگەزی مێ چەسپاندووە، کە ئەمەش بەرزبوونەوەی ئاستی وەرگرتن و کارلێکی کچان نیشان دەدات لەگەڵ بەها نیشتمانییەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

لەکۆتاییدا، توێژینەوەی ئێستا زانیاریی نوێ بۆ کتێبخانەی کوردی زیاد دەکات، بەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی ئینتیما بۆ "کارامەیی و ڕەفتار"، بەڵام وەک توێژینەوەی (الخطيب) و (الشهراني) ئاماژەیان پێکردووە، هێشتا پێویستی بە دەوڵەمەندکردنی زیاتری لایەنە مەعریفییەکان هەیە لە ناو بڕیارلێدراوەکانی خوێندندا تاوەکو ئاستی هۆشیاری تیۆری خوێندکاران هاوشانی ڕەفتارەکانیان بەرز بێتەوە.

## بەشی سێیەم:ڕێککاری توێژینەوە

### میتۆدی توێژینەوە

مێتۆدی توێژینەوە ڕێگەیەکە، کە توێژەر دەگرێتەبەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێنکردن و شیکردنەوەیان، سوود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە مێتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە.

### کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە خوێندنگاکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، کە پێکهاتبوو لە (٦) خوێندنگا و ژمارەی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بریتی بوون لە (٧٧٩)خوێندکار، ئەوانیش (٣٠٥) نێر و (٤٧٤) مێ بوون، هەروەها (١٢٢) خوێندکار لە بەشی ویژەیی و (٦٥٧)لە بەشی زانستی بوون. توێژەران ئاماری خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەییان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە وەرگرتووە.

### نمونەی توێژینەوە

بریتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگایەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات توێژەران لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی مێتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆڕ و شارەزایان توانی ژمارەی نمونەی توێژینەوەکەی دیاری بکات، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی ئامانجدار هەڵبژێردراوە، پێکدێت لە خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لەناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، توێژەران (٢٠٠) فۆرمی بە شێوەی دەستی و ڕاستەوخۆ بڵاوکردەوە ئەم ژمارەیەش بوو بە نموونەی توێژینەوەکە.

### ئامرازی توێژینەوە

بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پشتی بە ئامرازی ڕاپرسی بەستووە. بۆ ئەم مەبەستە، ئامرازی ئامادەکراوی توێژەر (الشحومی، ٢٠٢٠-٢٠٢١) وەک خۆی و بەبێ ئەنجامدانی هیچ گۆڕانکارییەک لە بڕگەکانیدا بەکارهێنراوە، ئەمەش بەهۆی گونجاوی ناوەڕۆکی ئامرازەکە لەگەڵ بابەت و ئامانجەکانی توێژینەوەی ئێستادا. ئەم ئامرازە بە گشتی لە (٤٥) بڕگە پێکدێت، کە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەشکراون و هەر تەوەرێک لە (١٥) بڕگە پێکدێت،تەوەری یەکەم (لایەنی مەعریفی)، تەوەری دووەم (لایەنی ویژدانی)، تەوەری سێیەم (لایەنی ڕەفتاری). بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەم ڕاپرسییە، پێوەری پێنجی لیکرت بەکارهێنراوە، کە تێیدا پێنج پلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک دیاریکراوە و بریتین لە: (بە تەواوی هاوڕام، هاوڕام، بێلایەن، هاوڕا نیم، بە تەواوی هاوڕا نیم). ئەم پلەبەندییە دەرفەت بە نموونەی توێژینەوەکە دەدات کە بە وردی ئاستی هاوڕابوونی خۆیان لەسەر هەر بڕگەیەک دیاری بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی ورد لە پرۆسەی شیکردنەوەی ئاماریی داتاکاندا.

### ڕاستگۆی ڕواڵەت

بەو پێیەی ئامرازی توێژینەوەکە ئامرازێکی ئامادەکراو بووە و لە توێژەر (الشحومي، ٢٠٢٠-٢٠٢١) وەرگیراوە، توێژەران وەک ئەمانەتێکی زانستی ئامرازەکەیان وەک خۆی و بەبێ ئەنجامدانی هیچ گۆڕانکارییەک لە بڕگەکانیدا بەکارهێناوە. بەڵام بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئامرازەکە لەگەڵ ژینگەی توێژینەوەی ئێستا و ئاستی نموونەکەدا دەگونجێت، ڕاستگۆیی رووکەشی بۆ ئەنجامدرا. بۆ ئەم مەبەستە، ڕاپرسییەکە کە لە (٤٥) بڕگە پێکهات بوو، خرایە بەردەم (٥) شارەزا و پسپۆڕی(ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەرونزانی پەروەردەیی و کۆمەڵناسی) لە زانکۆکان. دوای وەرگرتنەوەی ڕاو سەرنجی بەڕێزیان، هەمووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە بڕگەکان بە تەواوی ڕوون و گونجاون و دەتوانن ئەو لایەنانە بپێون کە توێژینەوەکە ئامانجیەتی. بەمەش ئامرازەکە ڕاستگۆیی زانستی بەدەستهێنا بۆ ئەوەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێ بکرێت.

### جێگیری

هەرچەندە ئامرازە وەرگیراوەکە لە توێژینەوە ڕەسەنەکەیدا خاوەن جێگیرییەکی سەلمێنراو بووە، بەڵام توێژەران بە پێویستیان زانی دووبارە جێگیرییەکەی بۆ نموونەی ئێستا هەژمار بکەنەوە. توێژەران ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەیان بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە (٤٠) خوێندکار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لە ماوەی نێوان (١٤) ڕۆژدا دووجار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە کە لە ڕێکەوتی (١/ ١٢ / ٢٠٢٥) بۆ ڕێکەوتی (١٥ / ١٢ / ٢٠٢٥). لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی(پێرسۆن) ڕادەی پەیوەستبوونی هەر دوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیری پێوەرەکە بریتییە لە (٠,٨٩)، ئەمەش واتای وایە جێگیری لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، بۆیە ئامرازەکە بە زانستی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە، وەک لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(1)**

| پێوەر | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | ٩٤,٥٥ | ١٠,٤٧٣ | ٠,٨٩ | ٠,٠١ |
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | ٩١,٠٥ | ١٠,٩٢٦ | | |

### ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ

توێژەران بۆ پێوانەی جێگیری بڕگەکان پشتی بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ بەستووە، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، بە جۆرێک ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بۆ پێوەری توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٠,٩٥)، کە ئەمەش جێگیرییەکی پەسەندە، بەمەش دەرکەوت کە هاوکۆلکەکە (جێگیری نایابە)، واتە بە شێوەیەکی گشتی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە دروستی وەڵامدراوەتەوە.

### جێبەجێکردنی کۆتایی توێژینەوەکە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

دوای دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەران ڕاپرسی توێژینەوەکەیان بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد، بە جۆرێک نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٠٠) خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤) تاوەکو ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/١٨)، پاش خستنەڕووی چۆنیەتی ئامادەکردنی پێوەرەکە و چۆنیەتی بەکارهێنان و دابینکردنی شێوازی وەڵامدانەوەی پێویست، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و داتای پێویست لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

**ئامرازە ئامارییەکان**

سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی (٢٦) وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

تاقیکردنەوەی(t) بۆیەك نموونە( One Sample T-Test )

$$T.test = \frac{\bar{X}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

تاقیکردنەوەی(t) بۆ دوو نموونە سەربەخۆ

$$T.test = \frac{X_1+X_2}{\sqrt{\frac{(X_1-1)A_1^2 2}{N_1+N_2-2}+\frac{(X_1-1)A_2^2 2}{N_1+N_2-2}*(\frac{1}{N_1}+\frac{1}{N_2})}}$$

هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن( Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY-\frac{(\sum X)(\sum Y)}{N}}{\sqrt{\left[\left[\sum X^{2}-\frac{(\sum X)2}{N}\right]\right]*\left[\left[\sum Y^{2}-\frac{(\sum Y)2}{N}\right]\right]}}$$

ئەلفا-كرۆنباخ(Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەكە

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum Si^2}{st^2}\right)$$

**بەشی چوارەم:خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکارکردنیان**

**ئامانجی یەکەم: زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی مەعریفی و ڕۆشنبیریدا.**

**خشتەی(2)**

| گۆڕاو | نمونە | ناوەندەی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | ئاستی بەڵگەداری p.value | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی مەعریفی | 200 | 50.85 | 11.272 | 45 | 0.001 | بەڵگەدارە |

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم «: زانینی رۆڵی پەرتووکی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی مەعریفی و رۆشنبیریدا » بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ، ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥٠٫٨٥) بە لادانی پێوەری (١١٫٢٧٢)، کە ئەمەش لە ڕووی ئامارییەوە بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی کە بڕەکەی بریتییە لە(٤٥). بەهای واتاداری ئاماری (p-value) یەکسانە بە (٠٫٠٠١)، کە ئەمەش بەهایەکی زۆر بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداری دیاریکراو (٠٫٠٥)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە جیاوازییەکە بەڵگەدارییەکی ئاماریی بەهێزی هەیە. ئەم ئەنجامە ئەرێنییە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی توانیویەتی ژێرخانێکی مەعریفی تۆکمە لای خوێندکاران بونیاد بنێت. ئەم پەرتووکە تەنها وەک دەقێکی ئایینی نەمێنێتەوە، بەڵکو وەک نەخشەڕێگەیەکی مەعریفی کار لەسەر هۆشیاریی نیشتمانی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا پەرتووکی بڕیارلێدراو سەرکەوتوو بووە لە ئاشناکردنی خوێندکاران بە فرەچەشنیی کولتووری و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش یارمەتیدەرە لە دروستکردنی گیانی پێکەوەژیان. هەروەها، ئەم بڕیارلێدراوە ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون و ڕوونکردنەوەی ماف و ئەرکە نیشتمانییەکان (وەک دەنگدان و پاراستنی موڵکی گشتی)، کە ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئینتیما لە هەستێکی دەروونییەوە بۆ ڕەفتارێکی مەدەنی بەرپرسیارانە.

**ئامانجی دووەم:زانینی رۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ویژدانیدا.**

**خشتەی(3)**

| گۆڕاو | نمونە | ناوەندەی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | ئاستی بەڵگەداری p.value | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ویژدانی | 200 | 51.99 | 12.817 | 45 | 0.001 | بەڵگەدارە |

سەبارەت بە ئامانجی دووەم « زانینی رۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ویژدانیدا» بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامە ئامارییەکان دەریانخستووە کە ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥١٫٩٩) بە لادانی

پێوەری (١٢/٨١٧). کاتێک ئەم بەهایە بەراورد دەکرێت بە ناوەندی گریمانەیی کە بڕەکەی (٤٥)ە، دەردەکەوێت کە ئاستی بەدەستهاتوو بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە. هەروەها، بەهای واتاداری ئاماری (p-value) یەکسانە بە (٠/٠٠١)، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە جیاوازییەکە لە ڕووی ئامارییەوە بە تەواوی واتادارە لە ئاستی (٠/٠٥).ئەم ئەنجامانە بەڵگەیەکی زانستیی بەهێزن لەسەر ئەوەی پەرتووکی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی ڕۆڵی هەبووە لەسەر دروستکردنی گیانی قوربانیدان و بەخشین و بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک خوێندکاران هەست بە ئازار و کێشەکانی کۆمەڵگەکەیان بکەن و خەمی بۆ بخۆن. جگە لەوەش، ئەم پەرتووکە تەنها کار لەسەر هەست ناکات، بەڵکو ئەو هەستە وەردەگێڕێت بۆ بەهای ئەخلاقی و مەدەنی، وەک ڕێزگرتن لە ماف و ئەرکەکان، پاراستنی موڵکی گشتی، و جێگیرکردنی بەهاکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ڕەفتاری و کارامەیدا.**

**خشتەی(4)**

| گۆڕاو | نمونە | ناوەندەی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | ئاستی بەڵگەداری p.value | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ڕەفتاری و کارامەیی | 200 | 54.70 | 11.917 | 45 | 0.001 | بەڵگەدارە |

سەبارەت بە ئامانجی سێیەم « زانینی ڕۆڵی پەرتووکی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە لایەنی ڕەفتاری و کارامەیدا » بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تای بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ، ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٥٤,٧٠) بە لادانی پێوەری (١١,٩١٧)، کە ئەمەش بە ڕوونی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی کە بڕەکەی (٤٥)ە. بە وردبوونەوە لە ئەنجامە ئامارییەکان، دەبینین بەهای واتاداری یەکسانە بە (٠,٠٠١)، ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ بوونی جیاوازییەکی واتاداری ئاماریی بە سوودی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە. ئەم ئەنجامە ئەرێنییە بەرزە دەریدەخات کە پەرتووکی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی تەنها لە چوارچێوەی "زانیاری و هەست"دا نامێنێتەوە، بەڵکو توانیویەتی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە ڕەفتار و کارامەییەکانی خوێندکاراندا دروست بکات. بڕیارلێدراوەکە وەک بزوێنەرێکی کارا، خوێندکاران ئاراستە دەکات بەرەو پیادەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و قبوڵکردنی ڕای جیاواز، کە ئەمە بنەمای سەرەکیی سەقامگیریی نیشتمانییە. هەروەها ئەم پەرتووکی بڕیارلێدراوەی خوێندن سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی ئینتیما بۆ کردەوەی مەدەنی، وەک بەشداریی کردەیی لە کارە خۆبەخشییەکان، پاراستنی بەرهەمهێنان، و گەشەپێدانی کارامەییەکانی کارکردن و لێبوردەیی، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، و پێشخستنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتدا، نیشانەی ئەوەیە کە پەروەردەی ئیسلامی کارەکتەرێکی بەرپرسیار و چالاکی بەرهەم هێناوە. خاڵی جەوهەری و بنەڕەتی ئەم لایەنە، پەرەپێدانی کارامەیی دەستپێوەگرتن و پاراستنی سامانی گشتییە (وەک ئاو و کارەبا)، کە ئەمە ڕاستەوخۆ خزمەت بە ئابووری و داهاتووی نیشتمان دەکات. بە کورتی، ئەم داتا ئامارییانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم بڕیارلێدراوە توانیویەتی ئینتیمای نیشتمانی لە دروشمەوە بگۆڕێت بۆ کارامەیی ژیانی و ڕەفتاری ڕۆژانە کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی مرۆیی و نیشتمانی.

**ئامانجی چوارەم: زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی(نێر و مێ).**

**خشتەی(5)**

| گۆڕاوی ڕەگەزی | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| نێر | 100 | 49.34 | 12.08 | 3.91 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| مێ | 100 | 55.69 | 11.02 | | | |

سەبارەت بە ئامانجی چوارەم «زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی بەپێی جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ » ئەنجامە ئامارییەکانی تاقیکردنەوەی تای بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ئەوە دەخەنەڕوو کە جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی بڕیارلێدراوی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی

ئینتیمای نیشتمانیدا، بە جۆرێک کە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی مێ (٥٥,٦٩)بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (٤٩,٣٤). بەهۆی ئەوەی نرخی تی(T-) ی دەرهێنراو کە بریتییە لە (٣,٩١)، گەورەترە لە نرخی تی خشتەیی (١,٩٧٢) لە ئاستی واتاداری (٠,٠٥)، دەتوانین بڵێین کە ئەم جیاوازییە واتاداری ئاماریی هەیە لە سوودی ڕەگەزی مێ. ئەم ئەنجامە ئاماژەیەکی پەروەردەیی قووڵە بۆ ئەوەی کە خوێندکارانی کچ لەم قۆناغی تەمەنەدا زیاتر کاریگەر بوون بە ناوەرۆکی بڕیارلێدراوەکە و بەها نیشتمانییەکان لای ئەوان زیاتر چووەتە چوارچێوەی پابەندیی ویژدانی و پیادەکردنی ڕەفتارییەوە، کە ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی بڕیارلێدراوەکەیە لە دارشتنی کاراکتەری نیشتمانیی خوێندکارانی مێینەدا بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

**ئامانجی پێنجەم: زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی بەشی(زانستی و وێژەیی).**

**خشتەی(6)**

| گۆڕاوی بەش | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | دەلالەت لە ئاستی( 0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| وێژەیی | 100 | 51.36 | 12.98 | 1.35 | 1.972 | بەڵگەدارنییە |
| زانستی | 100 | 53.66 | 10.82 | | | |

سەبارەت بە ئامانجی پێنجەم « زانینی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی بەپێی گۆڕاوی بەشی زانستی و وێژەیی » ئەنجامی ئاماریی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان خوێندکارانی بەشی زانستی و بەشی وێژەیی سەبارەت بە ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانیدا نییە. هەرچەندە ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی بەشی زانستی (٥٣,٦٦) کەمێک بەرزترە لە ناوەندی خوێندکارانی بەشی وێژەیی (٥١,٣٦)، بەڵام بەهۆی ئەوەی نرخی تی (T-value)ی دەرهێنراو کە بریتییە لە (١,٣٥)، بچووکترە لە نرخی تی خشتەیی (١,٩٧٢) لە ئاستی واتاداری (٠,٠٥). توێژەران ئەم ئەنجامە بە ئاماژەیەکی گرنگ دەزانن بۆ ئەوەی کە ناوەرۆکی بڕیارلێدراوی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی و ئەو بەها نیشتمانیيانەی تێیدایە، بە شێوەیەکی گشتگیر و هاوسەنگ کاریگەریيان لەسەر هەموو خێندکاران هەبووە بێ گوێدان بە جیاوازیی بەشی زانستی یان وێژەیی، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بڕیارلێدراوەکە سەرکەوتوو بووە لەوەی وەک خاڵێکی هاوبەش کار بکات بۆ یەکخستنی تێڕوانین و ناسنامەی نیشتمانیی نەوەی نوێ بە شێوەیەکی یەکسان.

**بەشی پێنجەم:دەرئەنجامی توێژینەوە**

**دەرئەنجام**

١ .پەرتووکی بڕیارلێدراوی پەروەردەی ئیسلامی ڕۆڵێکی واتاداری ئاماریی و کاریگەری هەیە لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکاران لە هەرسێ لایەنی (مەعریفی، ویژدانی، و ڕەفتاری)دا.

٢ .لە لایەنی مەعریفییەوە، پرۆگرامەکە سەرکەوتوو بووە لە بونیادنانی هۆشیارییەکی گشتگیر سەبارەت بە ماف و ئەرکەکان، چەمکی هاوڵاتیبوون، و ئاشناکردنی خوێندکاران بە فرەچەشنیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە.

٣ .پرۆگرامەکە توانیویەتی کار لەسەر ناخی خوێندکاران بکات و ئینتیما لە چەمکێکی تیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ هەستێکی ویژدانی قووڵ کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە گیانی قوربانیدان و بەرپرسیارێتیی بەرامبەر بە کێشەکانی نیشتمان.

٤ .بەرزترین ناوەندی ژمێرەیی لە لایەنی ڕەفتاریدا تۆمار کراوە، ئەمەش دەریدەخات کە بەهاکانی ناو پەرتووکەکە گەیشتوونەتە ئاستی پیادەکردنی کردەیی، وەک پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی و ئەنجامدانی کارە خۆبەخشییەکان.

٥ .پرۆگرامەکە وەک قەڵغانێکی پارێزبەندی کار دەکات، بەوەی خوێندکاران فێری بیری ڕەخنەگرانە دەکات بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە پڕوپاگەندە و دوورکەوتنەوە لە بیری توندڕەوی.

**ڕاسپاردە**

١.پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەردەوام بێت لە دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەی ناوەرۆکی پەرتووکی پەروەردەی ئیسلامی بە جۆرێک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشهاتە هەنووکەییەکان و ئالنگارییە نوێیەکانی بەردەم ئینتیمای نیشتمانی.

٢. گرنگیدانی زیاتر بە لایەنی پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندن، بە شێوەیەک کە وانەی پەروەردەی ئیسلامی تەنها لەناو پۆلدا نەمێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی چالاکیی مەیدانی و هەرەوەزییەوە بەها نیشتمانییەکان پیادە بکرێن.

٣. ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی پەروەردەی ئیسلامی، تاوەکو بتوانن بە شێوازێکی هاوچەرخانە و دوور لە توندڕەوی، پەیوەندی نێوان بەها ئایینییەکان و ئینتیمای نیشتمانی بۆ خوێندکاران ڕوون بکەنەوە.

**پێشنیاز**

١ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر ڕۆڵی مامۆستایانی پەروەردەی ئیسلامی (وەک نموونەی باڵا) لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکاران.

٢ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی و پرۆگرامی زمان و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی ئاستی چەسپاندنی بەها نیشتمانییەکان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ زانینی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر لاوازکردن یان بەهێزکردنی ئەو ئینتیما نیشتمانییەی کە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن هەوڵی بونیادنانی دەدەن.

**پاشکۆی(١) ڕاستێتی پێوەری توێژینەوەکە**

| ز | ناوی شارەزایان | نازناوی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.کریم احمد عزیز | پرۆفیسۆر یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | باخچەی منداڵان- زانکۆی گەرمیان |
| 2 | د.ئەردەڵان لەتیف عەبدولقادر | مامۆستا | فەلسەفەی پەروەردەیی | زانستەکۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی – صلاح‌الدین |
| 3 | د.ئەژی حەمە قاضی | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانستەکۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی |
| 4 | د.شێرزاد علی احمد | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانستە کۆمەڵایەتییەکان- |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | زانكۆی گەرمیان |
| 5 | د.لقمان محمد احمد | مامۆستا | دەروونناسی پەروەردەیی | مێژوو- كۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكان سیدصادق – زانكۆی سلێمانی |

**لیستی سەرچاوەكان**

**سەرچاوە كوردییەكان**


بەكرەجۆیی، ڕێبوار(٢٠٢١). كێ مامۆستایە. چاپی یەكەم، سلێمانی.

سمین،سرحد محمد(٢٠١٩). ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندن لە بەهێزكردنی بەرپرسیارێتی لە دیدی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتییەوە(توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە ناوەندی قەزای كەلار)،گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە ٦ (١).

جاف، صباح عەلی(٢٠١١). پەروەردە و فێربوون گرفت و گۆڕان، چاپخانەی یاد، سلێمانی.


**سەرچاوە عەرەبییەكان**


أحمد، أميرة حمود سليمان (٢٠١٤). دور الأسرة في تعميم قيم الانتماء والمواطنة لدي شباب، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، ٢(١٥٨).

أحمد، دعا سعيد (٢٠١٥). فعالية برنامج قائم على منهج الأنشطة لتنمية الشعور بالانتماء لدى عينه من أطفال ما قبل المدرسة، مجلة العلوم التربوية والنفسية، ١٦(٢).

خطيب، محمد بن شحات (٢٠٢٤). دور المناهج الصفية واللاصفية في تعزيز قيم الانتماء الوطني والتعايش السلمي. المجلة العربية للعلوم التربوية والنفسية، المؤسسة العربية للتربية والعلوم والآداب، مصر، ٨(٤٣).

خربية، صفاء صديق (٢٠١١). العلاقة بين العنف و الانتماء لدى طلبة الجامعة، مجلة دراسات عربية في علم النفس، ١٠(٤).

الجواهرى، محمد (١٩٨٨). المدخل إلى علم الإجتماع, دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، مصر.

الربوص، جواهر محمد (٢٠٠٢). القاموس التربوى، جامعه الكويت، الكويت.

سليمان، عرفات عبدالعزيز (١٩٨٢). المعلم والتربية، ط٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

الشحومي، محمد علي حمود (٢٠٢٠).دور مناهج التربية الإسلامية في تعزيز الانتماء الوطني لدى طلاب المرحلة الثانوية من وجهة نظرهم، مجلة التربية، كلية التربية بالقاهرة، جامعة الأزهر، العدد١٨٨، الجزء الخامس.

الشريف، ريم (٢٠٠٨). درجة ممارسة الإدارة المدرسية لدورها في تنمية الوطنية لدى طالبات المرحلة الثانوية من وجهة نظر الطالبات و المعلمات بالعاصمة المقدسة، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية التربية.
الشهراني، مسعود محمد طومان (٢٠١٩). مفاهيم الانتماء الوطني في كتب الدراسات الاجتماعية في المرحلة المتوسطة في المملكة العربية السعودية"دراسة تحليلية"، مجله البحث العلمي في التربية، كلية البنات، جامعة عين شمس، عدد٢٠.
العلى،شيراز (٢٠٢٢).دور البيئة المدرسية في تعزيز قيمة الانتماء لدى تلامذة الصف الرابع من وجهة نظر المعلمين والتلاميذ، مجلة جامعة دمشق للعلوم التربوية والنفسية، مجلد ٣٨ عدد ٢.

**سەرچاوە فارسییەکان**

حاج حسينى، نجيب الله (١٣٨٨).عوامل موثر بر شكل گيرى و تقويت عزت نفس از ديدگاه اسلام، مجتمع آموزش عالى فقه.
حق¬شناس،على محمد و همكاران (١٣٨٣).فرهنگ معاصر هزاره (انگليسي- فارسي)، نشر فرهنگ معاصر، تهران.
حيدرى تفرشى، غلامحسين و يوسفى سعيدآبادى رضا (١٣٨٧). تربيت اسلامى، انتشارات دانشگاه آزاد اسلامى واحد فراهان.
خدايار،ابراهيم و فتحى،اعظم (١٣٨٧). هويت ملى در كتاب‌هاى درسى آموزش و پرورش مورد مطالعه دوره متوسطه، فصلنامه مطالعات ملى، ٣٥، سال نهم، شماره٣.
رحيمى نژاد، اسماعيل (١٣٩٠). نگرش اسلامى به كرامت انسانى، مجله معرفت حقوقى، سال اول، شماره٢.
سيدپور آذر، حسن (١٣٩٣). محبت ورزى در همزيستى اخلاق از منظر قرآن كريم، دو فصلنامه تخصصى اخلاق، سال دوم، شماره ٦.
صابرى،على (١٣٩٦). مقاله سبک زندگى سالم با شناخت ماهيت فرد و جامعه، مجله علمى تخصصى روانشناسى، علوم تربيتى و علوم اجتماعى، آبان ماه.
فرجاد، محمدحسين (١٣٧٦). آسيب شناسى اجتماعى و جامعه شناسى انحراف، تهران: نشر بدر.
قائمى، على (١٣٦٤). پرورش مذهبى و اخلاق كودكان، تهران: انتشارات اميدى.
كريمى، عبدالعظيم(١٣٧٣).مراحل شكل گيرى اخلاق در كودک باررويكرد تحولى، تهران: موسسه فرهنگى منادى تربيت.
كشاورز، سوسن (١٣٨٧). شاخص ها و آسيب هاى تربيت دينى، دو فصلنامه تربيت اسلامى، شماره٦.
ماهروزاده، طيبه (١٣٨٠). تربيت دينى چرا و چگونه؟، مجله پيوند، شماره ٢٦١-٢٦٢.
محمودى، سعيد كريم (٢٠٢١). عدالت اجتماعى و همبستگى ملى: يک رويكرد جامعه‌شناختى. مجله جامعه‌شناسى ايران، ٢٢(١)، ص‌ص. ١٢-٣٥.
مشايخ يراد، شهاب الدين (١٣٨٠) .تعلي موتربيت دينى، پژوهشكده حوزه و دانشگاه، قم.
مطهرى، مرتضى (١٣٨٥). تعلي موتربيت در اسلام، انتشارات صدرا، تهران.
معافي، محمود (١٣٩٢). تبيين مباني نظري تربيت ديني براساس سند تحوّل بنيادين، مجله رشد جوانه.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Anderson, B. (2006). Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. Verso Books.
Appadurai, A. (1996). Modernity at Large: Cultural Dimensions of Globalization. University of Minnesota Press.
Bar-Tal, D., & Staub, E. (1997). Patriotism in the Lives of Individuals and Nations. Nelson-Hall Publishers.
Castells, M. (2010). The Power of Identity. Wiley-Blackwell.
Gellner, E. (2006). Nations and Nationalism. Cornell University Press.
Hobsbawm, E., & Ranger, T. (1983). The Invention of Tradition. Cambridge University Press.
Smith, A. D. (1991). National Identity. University of Nevada Press.
Tajfel, H., & Turner, J. C. (1979). An Integrative Theory of Intergroup Conflict. In The Social Psychology of Intergroup Relations.

List of sources

Kurdish sources

Bakrajoyi, Rebwar (2021). Who is the teacher. First edition, Sulaimani.
Samin, Sarhad Mohammed (2019). The role of education in strengthening responsibility from the perspective of primary school teachers (a field study in Kalar district center), Garmian University Journal, No. 6 (1).
Jaf, Sabah Ali (2011). Education and Learning Problems and Change, Yad Printing House, Sulaimani.

Arabic sources

Ahmed, Amira Hamoud Sulaiman (2014). The Role of Asra in Generalizing the Value of Intimacy and Citizenship among Youth, Journal of Faculty of Education, Al-Azhar University, 2(158).
Ahmed, Dua Saeed (2015). Activities of a program based on the design method for developing awareness of eye contact in pre-school children, Journal of Educational and Psychological Sciences, 16(2).
Khatib, Muhammad ibn Shahat (2024). The role of pure and pure curricula in promoting national identity and peaceful coexistence. Arab Journal of Educational and Psychological Sciences, Arab Foundation for Education, Science and Arts, Egypt, 8(43).
Khariba, Safa Siddiq (2011). The relationship between violence and intimacy in university students, Journal of Arabic Studies in Psychology, 10(4).
Al-Jawahari, Muhammad (1988). Entrance to Social Sciences, University of Knowledge, Alexandria, Egypt.

Al-Rubous, Jawahar Mohammed (2002). Educational Dictionary, Kuwait University, Kuwait.
Suleiman, Arafat Abdul Aziz (1982). Teacher and Education, Volume 2, Egyptian Angel School, Cairo.
Al-Shoumi, Mohammed Ali Hammoud (2020). The role of Islamic education curriculum in promoting national identity in secondary school students from their perspective, Al-Tarbiya Magazine, Faculty of Education Cairo, Al-Azhar University, No. 188, Part
Al-Sharif, Reem ( 2008). The Practice of School Administration for its Role in National Development among Secondary School Students from the Perspective of Students and Teachers in the Holy Land, Master's Thesis, U.S. University القرى, College of Education.
Al-Shahrani, Massoud Mohammed Touman (2019). Concepts of National Identity in the Book of Social Studies in the Intermediate Stage in the Kingdom of Saudi Arabia "Analytical Studies", Journal of Scientific Research in Education, Faculty of Girls, Ain Shams University, No.
Al-Ali, Shiraz (2022). The Role of School Environment in Enhancing the Value of Intimacy in Teaching the Fourth Row from the Perspective of Teachers and Teaching, Journal of Damascus University of Educational Sciences Psychology, Volume 38, No.
Persian sources
Haj Hosseini, Najibullah (2009). Factors affecting the formation and strengthening of self-esteem from the perspective of Islam, Jurisprudence Higher Education Society.
Haqshenas, Ali Mohammad and colleagues (2004). Thousand Contemporary Dictionary (English-Persian), Contemporary Dictionary Publishing House, Tehran.
Heydri Tafreshi, Gholam Hossein and Yousefi Saeedabadi Reza (2008). Islamic Education, Azad Islami University Publications Wahid Farahan.
Khudayar, Ibrahim and Fathi, Azam (2008). National Identity in Intermediate Education Textbooks, Volume of National Studies, 35, Year 9, No.
Rahiminejad, Ismail (2011). Nagarsh Islami Be Dignity Insani, Legal Knowledge Magazine, Year 1, No.
Syedpour Azar, Hassan (2014). Seasonal love in moral harmony from the perspective of the Holy Qur'an, two specialized volumes of ethics, second year, no.
Sabri, Ali (2017). Article Healthy Lifestyle with Knowledge of Individual and Society Nature, Specialized Scientific Journal of Psychology, Educational Sciences and Social Sciences, April.

Farjad, Mohammad Hussein (1997). Social Ecology and Sociology of Deviation, Tehran: Badr Publishing House.
Qaimi, Ali (1364). Religious and Moral Education of Children, Tehran: Omidi Publishing House.
Karimi, Abdul Azim (1994). Stages of Ethics Formation in Children, Tehran: Manadi Tarbit Cultural Institute.
Kshaurz, Susan (1387). Persons and Disadvantages of Religious Education, Two Volumes of Islamic Education, No.
Mahrozadeh, Taiba (2001). What is religious education and how?, Piund Magazine, No. 261-2
Mahmoudi, Saeed Karim (2021). Social justice and national solidarity: a cognitive society. Iranian Journal of Sociology, 22(1), p. 12-35.
Mushaikh Yarad, Shahab al-Din (2001) Religious Teacher, Research Institute and University, Qom.
Mothari, Mortezi (2006). Teacher in Islam, Sadra Publishing House, Tehran.